چۆن کاوە بازیانی پێشمەرگەیەکی ساختە دەرچوو، بەگزادەکانیان بەگزادەیەکی ساختەیە.. دەرسێم پێشەوا

بنەماڵەی جاشی دەرین کاوە بازیانی، لەگەڵ بریندارکردنی ناوبراودا هایانگیاند کە ئەو کەسایەتی دیار، سەرۆک عەشیرەت و پێشمەرگەی دەرین بووە. بەهام هەژی دواتر بە بەگزادە تەواوی تاوانکانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش کاوە بازیانیم بە بەگزادە بەاوکردووە کە نەک پێشمەرگەی دەرین نەبووە، بەڵکو ئەو جاشێکی دەسەزی بەعس و خزمەتکاری ژەمی عروبەی سەدام بووە.

ئیمەش وەڵامی ئەو بەگزادنامە ساختەیەی کاوە بازیانی دەدەینەوە، کە کاوە خەی دوای شەهیدکردنی ئیبراهیم حەبیب بە ناوبراوی دروستکردووە، هەروەها وەڵامی ئەوشیان دەدەینەوە کە گوایە کاوە بازیانی شەهید ئیبراهیم حەبیب-ی شەهید نەکردووە. سەرەتا دەمە سەر ئەو کاغەزەی کە گوایە لە گیرفانی شەهید ئیبراهیم بووە و کەوتەتە دەست کاوە بازیانی تا ئێستاکە پاراستوویەتی.

یەک: کاوە بازیانی و بنەماڵەکەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە (ئەو کاغەزە دروستکراوە) لە گیرفانی شەهید ئیبراهیم بووە لەکاتی شەهید بوونیدا، باشە گەر ئەوان شەهیدیان نەکردبێت چۆن کاغەزەکی لەو جۆرە کەوتەتە دەست کاوە بازیانی؟

دوو: بەگوێرەی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر کەیسی ئەنفال، سەرکجاش، ئەمنی گشتیی، ئیستخباراتی گشتیی، ئیستخباراتی سەربازی، مەفرەزە خاسە، زیندانی سیاسیی و شەهیدان کار دەکەم، ئەوەندە شارەزاییم هەیە کە هیچ ئەفسەرێکی ئەمن بەپلەی نەقیب نەبووە بەڵکو بەری ئەمنی پارێزگایەک بوو بێت، تاکە کەس نەقیب حەسەن ئەلدوری لە ئەمنی هەولێر لەدوای بەڵکو بەر و جێگرەکەی شوێنی ئەوانی دەگرتەوە، چونکە ئەویش بەرپرسی حزبی بەعس بووە لە ئەمنی هەولێر و لەسەر نامە فەرمییەکانی دەنووسی (نەقیب حەسەن ئەلدوری لەبری بەڵکو بەری ئەمنی هەولێر/ النقيب حسن الدوري عن مدير أمن أربيل). بەدرێژایی دەسەڵاتی حزبی بەعسی عەرەبی لە ئێراق لەنێوان (1968.07.17-2003.04.09)دا بەڵکو بەری هیچ پارێزگایەک، یان بەڵکو بەری ئەمنی گشتیی پلەکەی لە موقەدەم کەمتر نەبووە.

دوو: لە سەرەتای ساڵی (1984) تا ناوەڕاستی ساڵی (1987)، موقەدەم محەمەد حەسەن حەمادە ناسراو بە (أبو رفعت) بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک بووە، ئەوەی بەناوی بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک واژەی کردووە پلەکەی نەقیب-ە، کەواتە ئەو کاغەزە ساختەیە و تەنانەت نەنووسراوە (عن مدير أمن التأميم)، بەمەش سەدا سەد بەمان دەردەکەوێت کە ئەو بەڵگەیە ساختە کراوە لەلایەن جاشکی پێشمەرگەکوژ و نەکەری بەعس و سەدام.
بە زیاتر بەرچاو ڕوونی ئەوانەش بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک بووینە، کە هیچیان پلەیان لە موقەدەم کەمتر نەبووە:
عەقید هوشام، لە ناوەڕاستی ساڵی (1987) تا ناوەڕاستی ساڵی دواتر.
موقەدەم کامیل عەباس موسا، لە ناوەڕاستی ساڵی (1988) تا بەهاری ساڵی (1989).
عەقید هەیسەم تکریتی، لە بەهاری ساڵی (1989) تا ڕاپەڕین و هەڵوەشاندنەوەی (1991.3.20).
سێ: ئەو کاغەزە چەندان هەڵەی زمانەوانی تێدایە، کە لێرەدا ئەوانە دەخەمەڕوو کە هەستیان پێ دەکەم و دەیسەلمێنن کە کوردێک نووسیوێتی و لەوانەیە کەسانی تر و شارەزا هەڵەی تریش بدۆزنەوە:
یسمح لحامل الورقة، دەبوایە بنووسرێت: (یسمح لحامل هذه الورقة)، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە کورد (واتە کاوە بازیانی بەهەی کەسکی نزیکی خۆی) نووسیوێتی، نەک ئەفسەرێکی دائیرەی ئەمنی ئیراقی کە دەبێت دەرچووی یەکێک لەو کۆلیژانە (ئەمنی قەومی، پۆلیس، یان سەربازی) بێت.
بالخروج، دەبوایە بنووسرێت (الخروج).
لکونە، دەبوایە بنووسرێت (لأنە)، چونکە (لکونە) بە ڕابردووی پێشتری ئەو دەگەیەنێت، بەڵام لێرە مەبەست لەوەیە کە چونکە ئەو ڕاسپێدراوە بە ئەرکێک.
مکلف بمهمة من هذه الدائرة، دەبوایە هەستێکە بەمشێوەیە بوایە: (مکلف بمهمة من قبل هذه الدائرة)، واتە وشەی (قبل) واتە لەلایەن، نەنووسراوە، کە ئەوەش دەیسەلمێنێت نووسەری ئەو نامەیە عەرەب نییە و کوردە، کە سەدا سەد هەر لە بنەماڵە و کەسە باوەڕکراوەکانی کاوە بازیانی خۆیەتی.
مکلف بمهمة من هذه الدائرة مع الشكر، ئاسایی نییە کە ئەفسەرێکی عەرەب و بەپلەی نەقیب بەمشێوەیە بنووسێت بەبێ ئەوەی خاڵێک لەنێوان (الدائرة) و (مع الشكر) دابنێت!
لەبری (ضابط الخفر بدالة)، دەبوایە بنووسرێت: (ضابط خفر البدالة).
لەبری ضابط السياسية، دەبوایە بنووسرێت: (ضابط الشعبة السياسية).


لەبری (نافذة لمدة یومان)، دەبوایە بنووسرێت: (نافذة لمدة یومین). ئەو هەموو هەڵانە ئاسایی نین بۆ عەرەبێک لە نووسینی یەک کاغەزدا بیانکات، بۆیە هەڵکان دەیسەلمێنن کە کوردێکی نەشارەزا لە عەرەبی نامەکەی نووسیوە! تکایە هەر کەسە هەڵەی تری زمانەوانی دەزیینەوە، با ئاگادارم کاتەوە.
سەبارەت بەوەی کە گوایە کاوە بازیانی، برا و خزمەکانی ئەو دەستیان نەبووە لە شەهیدکردنی ئیبراهیم حەبیب، دوو بەڵگە دەنمەوە، کە یەکێکیان لەسەر زاری بەتوش کوڕی کاوە بازیانی و ئەوەی تریش شەهاب محەمەد تەفیق محەمەد ئامۆزای کاوە بازیانی، کە ڕۆژی شەممە (2023.04.22)، تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆ ماوەی نۆ خولەک قسەمان کرد.
یەکەم: لە ساڵی (2011)، یان (2012) بوو، بەتووش کوڕی کاوە بازیانی تەلەفۆنی بۆ کردم و خۆی ناساند، گوتم: (بمزانیبایە وەڵامم نەدەدایتەوە، چونکە وەڵامی سەرکەجاش، کورد و نەویان نادامەوە، لە قسەکردنیش تەواو بین بلەکت دەکەم). بەتووش کوڕێکی هەمن و بە ئەدەب بوو، زۆر بەڕێزەوە قسەی دەکرد، زۆر هەوڵیشی دا لەگەڵ باوکی قسەی بکەم، بەڵام ڕەتمکردەوە، کە بۆقسەی خۆی باوکی لە تەنیشتی دانیشتبوو و گوێی لە قسەکانی نەوانمانە و زۆریش حەزدەکات لە زاری خۆیەوە قسەم بۆ بکات، بەڵام گوتم: (گەر کاوە بازیانی باوکت قسە بکات، تەلەفۆنەکە دادەخەم)، کاوە بازیانی هیچ قسەیەکی نەکرد. بەتووش لەسەر دوو تاوان قسەی کرد، یەک شەهیدکردنی ئیبراهیم حەبیب و دووەم شەهید کردنی ئەنوەر حەسەن و هاوڕێکانی لە ڕۆژی (1982.03.05)دا لە گوندی قازان. دوای گفتوگۆکردنی نەوانمان لەسەر شەهید ئیبراهیم حەبیب، بەتووش گوتی: (باوکم بۆ هەڵە لە ئیبراهیم حەبیبی داوە و تا چووەتە سەری نەیزانیوە ئەوە، ئەگینا هەرگیز تۆقەی لەو نەدەکرد، دواتریش ئاشتەوایمان لەگەڵ ماڵی پورم زوهرە کردووە). دوای چەند ڕۆژێک ئەو پرسیارەم لە بابانی شەهید ئیبراهیم کرد، بابان وەڵامی دایەوە کە هەر کەسێک ئەو قسەیەی کردبێت درێی کردووە و هیچ ئاشتەوایەکی نەکراوە، پرسیاری ئەوەیکرد کە کێ باسکردووم، پێم نەگوت. کەواتە بۆقسەی بەتووش کە خۆی بە تەلەفۆن و لە ماسنجەرەوە قسەی بۆ کردووم و ئاستەوخۆ لە بەتووشم بیستووە و ئەوکات باوکیشی لە تەنیشتی بووە، ئیبراهیم حەبیب لەلایەن کاوە بازیانی شەهید کراوە.
سەبارەت بە شەهید کردنی ئەنوەر حەسەن و هاوڕێکانی، بەتووش گوتی: (باوکم دەڵێ ئەنوەر حەسەن-م زۆر خۆشویستووە، من لە شەڕی قازان بۆشدار نەبووینە، با بڵێ ئەویان بستەتەوە). گوتم: (نەخێر نایسەمەوە، چونکە مەفرەزەی کاوە بازیانی بۆشداری شەڕی قازانی

کردووە، بە بڕیین باوکت خۆی بەشداری نەکردبێت و مەفرەزەکەی بەشداری کردبێت (هەرچەندە بەدڵنیایی بەشداری کردووە)، هەر خۆی تاوانبارە چونکە بەرپرسیارێتی یاسایی هەر تاوانێکی مەفرەزەکە دەکەوێتە ئەستۆی باوکت).


دووەم: لە ڕۆژی شەممە، ١٥ی وتی (2023.04.22)، کاتێک کە شەهید محەمەد تەفیق-ی ئامۆزای کاوە بازیانی تەلەفۆنی بۆ کردم، گلەیی ئاوەی لێکردم کە بۆ بەمشێوەیە لەسەر کاوەی ئامۆزایم نووسیوە، لە وەڵامدا گوتم: (کاوە بازیانی ئامۆزات فەرماندەی مەفرەزە خاسە بوو یان نا، ئایە ئیبراهیم حەبیب و ئەوانەی تریشی شەهید کردووە، یان نا)؟ ئەو لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ فەرماندەی مەفرەزە خاسە بوو، ئیبراهیم حەبیب-ی لەسەر مەسەلەی شەرەف کوشتووە، ئەوکاتەی کە ئەنوەر حەسەن شەهید بوو، من لە زیندان بووم و کاوەی ئامۆزاشم هەشتاکە پێشمەرگە بوو. نیوەی ئەو زانیاریانەی وەرت گرتووە بەدرێ داویانە بە تۆ، ئاگادار بوومایە نەمدەهێشت ئەو دریانە بنووسیت، چەن دەکرێت هەر کەسێک درێت بە بکات، تۆش بیانووسیت. کاتی خۆی من هەرچیەکم بێت باسکردبێت لەسەر شکاندنی ژووری سەدارەی زیندانی موسڵ بەڵاستی باسم کردووە). چەند جارێک لە کاری قسەکردم، قسەم بە شێوەیەکی دەبەی، بەتایبەت کە باسی ئەوەی کرد کە کاوە بازیانی لەسەر پرسی شەرەف ئیبراهیم حەبیب قاسمی کوشتووە، هەروەها لەسەر شەهید کردنی ئەنوەر حەسەن و هاوەڵەکانی: بە شێوەی-م گوت: (بابەتی من بابەتی ئەنفال، جاش و پێشمەرگە کوشتنە، نامەوێت خۆم دابڕێنم بە ئاستەکی نزم و باسی پرسی شەرەفی کەسانەکی تر بکەم، ئەگینا شت هەیە لەسەر کاوەی ئامۆزات، تەفیقی ئامۆزات و حەمەشیدی پوورزات، بەڵام جوان نییە سەرەڕای ئەوەی کە ئیبراهیم حەبیب شەهید دەکەن، دواتر تەمەتی شەرەفیشی دەدەنە پاڵ. ئەنوەر حەسەن و هاوەڵەکانیشی کە شەهیدکران، مانگی ئازاری ساڵی (1982) بوو، کاوە بازیانی ساڵێک و دوو سێ مانگ پێش شەڕی قازان گەڕایەوە ناو ژێم و کاتی شەڕکەش فەرماندەی مەفرەزە خاسە بوو، بۆیە بەدڵنیایی بەشداری ئەو شەڕەشی کردووە. تەواوی زانیاریەکانیشم ڕاستن و هیچیشیان درۆ نین و نایان سەموێ). بەڵێ شەهید محەمەد تەفیق ئامۆزای کاوە بازیانی لە ڕۆژی شەممە، ١٥ی وتی (2023.04.22)، لە تەلەفۆن بە منی باسکرد کە ئیبراهیم حەبیب قاسم بەدەستی کاوە بازیانی لەسەر مەسەلەی شەرەف کوژراوە. بەدڵنیایی شەهید محەمەد تەفیق بۆیە شەهیدکردنی ئیبراهیم حەبیب-ی خستە قالبی شەرەف بۆئەوەی ڕەوایەتی بە شەهیدکردنەکە بدات، نازانێت بەمەش تەمەت دەبەخشێتەو تاوانەکی تر دەخەنە پاڵ تاوانەکانی بنەماڵەی کاوە بازیانی جاش و جاشپەرست. بەڵێ دوو کەسی نزیکی کاوە بازیانی بە تەلەفۆن لای من باسیان کردووە کە ئیبراهیم

حەبیب قاسم (باوکی بابانی تەئستەن) بەدەستی کاوە بازیانی شەهید کراوە، کە یەکەمیان بەتووش-ی کوێی و دووەمیان شەش بازیانی ئامەزای بوون.
دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان شەش محەمەد تەفیق ئامەزای کاوە بازیانیم لە ڤایبەر و فەیسبووک سەیوە، چونکە بەر لە شەش حەوت ساەک کە قسەم لەگەڵ شەش کرد گوتم: (هەر کاتێک ناوی کاوە بازیانی و تەفیق بازیانی لای من بەنیت و داکۆکیان لە بکەیت، کەتایی بە پەیوەندی نەوانمان دەت)، ئەویش گفتی دا کە باسیان نەکات و داکۆکیان لە نەکات، وەلە خاوەن بەڵێنی خۆی نەبوو، بۆیە منیش سەیمەوە.
بە دڵنیابوونی هەموو لایەک لە ڕاستییەکان، ئەو زانیارییانەی کە بەم دەن، هەمووی لەناو بنەماڵەی ناوبراوەوە بەم دەن و زانیاری ڕاست و دروستن، بۆیە کەسوکار و جاشە تاوانبارەکانی کاوە بازیانی با چیتر هەوڵی تەلەفەن کردن نەدەن، کە وەڵامی هیچیان نادەمەوە، تەنانەت هەندێک وێنەی ناو نەخشانە و ناو پرسکەی کاوە بازیانیم بە هاتووە، کە ئەوانەی زانیارییەکانم بە دەنێرن، هەر جارەی بەفەڵی چوونە ئاودەست، جگەرەکێشان و وەڵام دانەوەی تەلەفەن لەناو خۆکۆکە دووردەکەونەوە و زانیاری و وێنەکانم بە دەنێرن. وێنەی کەسانێکی وایان بە ناردووم کە لە نەخشانە سڕدانی کەسوکاری بنەماڵەی کاوە بازیانی کردووە بە ئەستەپاکی خۆیان لەوەی کە بابانی شەهید ئیبراهیم حەبیب تەقەی لە کاوە بازیانی کردووە، هەروەها کوڕە بەرپرسانێکی وا کە کوڕەکە خۆیشی بەرپرسە بەشداری پرسکەیانی کردووە، مرۆڤ بە بیستنی یان بە بینینی وێنەکان شەرم لەخۆی دەکات.

دەرسیم پەشەوا
هەینی (2023.04.28)
دانمارک



ئەو کاغەزەی سەرەوە، کاوە بازیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی حکومەتی بەعس و سەدام، دوای ئەوەی ئیبراهیم حەبیب قاسم-ی ئاوەڵزاوای خۆی شەهید دەکات، ئەو نووسراوە ساختەیەشی بۆ دروست دەکات کە پڕیەتی لە هەڵەی زمانەوانی، واتە سەرەڕای تاوانی شەهیدکردنەکەی هەڵدەستێ بە ئامادەکردن و ساختەکردنی نامەیەکیش بە مەبەستی داپۆشینی تاوانی یەکەمی خۆی، کە دەکاتە دوو تاوان، کە دەیەوێ دوو جار شەهیدی بکات.



Sho Rsh

Venner | Besked | ...

Arbejder her: Municipality President


Har studeret på business colleage


Bor i **Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq**

Fra **Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq**

Se Shos oplysninger i afsnittet Om

Venner


Lørdag
12.01
Rediger
Shorsh
besked
opkald
video
e-mail
i dag
11.46 Indgående opkald
8 minutter
mobil SENESTE
00 964 770 156 0414
hjem
+964 750 230 5770
Noter



بۆ زیاتر ئاشنابوون بۆ کردەوەکانی کاوە بازیانی کلیکی ئێرەبکەن..

DarsimPeshawa_KawaBazyaniDownload

وەرگێڕانی پەخشانی شاخەوان شێرکۆ دەرسیم پشتوا

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن...

DarsimDebagaey_welamDownload

وەرگێڕانی (کۆتایی نزار خەزرەجی لە دانیمارک بووی) شاخەوان شێرکۆ دەرسیم دیبەگایی

شاخەوان شێرکۆ، لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (01.07.2022)دا، لە فەیسبووکی خۆیی و ماڵپەڕی دەنگەکان وتارێکی لەژێر ناوی (کۆتایی تاوانبار نزار خەزرەجی لە دانیمارک بوو)دا بڵاوکردۆتەوە. بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردن و ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەک، بڕچوونەکانی خۆم لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەمەڕوو، بەڵام هەم کاتی ئەوەم نییە کە ناوی تەواوی ئەو ڕێکخراو، کەمپەی کوردی و کەسانە بڵێم کە هاوکارمان بووینە، هەم ئەو بابەتە بە ئەو مەبەستە تێرخان نەکراوە تا یەکە یەکە ئاماژە بە ناوەکانیان بکەم:...

بەدرێژی بابەت کلیکی ئێرە بکەن...

DarsimDebagai_NzarDownload

کە من موسیەر بم و مەخیەر

نەبم، بە دەبە تاوانبار بم؟ … دەرسیم

لە ئیسلامدا بەگوێرەی قورئان و ئایینەکیان، هیچ مرۆڤێک موخەیەر نییە و بەکو تەکەا موسیەرن.
موخەیەر، واتە مرۆڤەکان بەبە ناچارکردن و بەئارەزووی خیان ڕێگای ژیانی خیان هەڵدەبژێرن و بەیار لەسەر چۆنێتیی ژیان و ڕەفتاری خیان دەدەن، کە چی بکەن و چی نەکەن. بەڵام موسیەر پێچەوانەی موخەیەرە، واتە مرۆڤەکان خیان بەهیچ شێوەیەک هیچ شتێک بەخیان بە خیان هەڵنابژێرن و بەیار لەسەر ژیان، چارەنووسی خیان و چۆنێتیی ژیانیان نادەن، بەڵکو ئەوە خوداکەی محەمەدی عەبدوڵای هاشمی-یە کە شتەکان بە مرۆڤەکان هەڵدەبژێرە، بەیار لە چارەنووسیان دەدات و هەموو شتێک بەزەر بەسەریاندا دەسپێنە بەبە ئەوەی خیان ئارەزووی بکەن! نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو هەر بەڵایەک تووشیان بە، ئەوە خوایە بەسەریان دەنێ نەوەک خیان هەکار بن!
یەکێک لە خۆشەویستترین مرۆڤەکانی نزیکم بەناوی (شاژن)، کە لەسەر باوەڕو بەچوونەکانم هەمیشە منی بە کافر ناودەبرد، هەروەها هەرگیز و بە تەنیا جارەکیش ئامادە نەبوو لەسەر جیاوازی بیرکردنەوو باوەڕمان بە ئایین گوم لەبگرە و بەی ووتبکەمەوە کە مادام موسیەر بم و موخەیەر نەبم، هیچ تاوانانکم نییە! بەدرێژایی ماوەی سێ ساڵ، ڕێگەی نەدام پێی بڵێم، مادام خواکەت بە بەیاری خۆیی و بەبە ئارەزووی خۆم کردوومی بە بەباوەڕ و بەقسەی تە (کافر)، بە دەبە گلەییم لەبکرە و بە تەماتبار ناوببرم؟
سەرەڕای ئەوەی کە (شاژن)، هەرگیز قورئانی نەخوێندبووەوە، خۆ ئاگەر بشیخوێندایەوە عەرەبییەکەی هی ئەوە نەبوو بەجوانی تێی بگات، هەروەها نوێژی نەدەکرد و ڕەژووشی نەدەگرت، کەچی ئامادەنەبوو گوە لە بەچوونەکانم بگرێت، یان هەکاری باوەڕ نەبوونم بە هیچ ئایین و خوایەک بە ئەو ووتبکەمەوە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی قورئان و سەدان سەرچاوەی تریەوە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە بەباوەڕی ئایینی بە خۆم هەڵبژێرم!
یەکێک لە هەکارە سەرەکییەکانی دوورکەوتنەوەی (شاژن) لەم و بەیەک نزیکیشتنمان، هەکاری ئایینی و بەباوەڕیم بوو، بەچەشنی (لیدیا)، کە ئەویش تاکە هەکاری دوورکەوتنەوەی لەم ئیسلام و بەباوەڕیم بوو! کە هەردووکیانم زۆر خۆشدەویست، بەڵام (شاژن) زیاترو تا ڕادەی پەرستن، خە ئاگەر بیگوتایە (من خوام)، باوەڕم پێی دەهێنا، نوێژم

بی دەکرد، هەژووم بۆی دەگرت و حەج و تەوافم بەچوار دەوری بەژن و بالا بەرزەکەی دا دەکرد!
هەر بۆیە، ئەم نووسینەم دەکەمە دیاری بۆ (شاژن) و هەموو (شاژن)ە کوردەکان کە جیاوازی بیروباوەڕو ئایین پەسەند ناکەن و لە ترسی ئایین، ئاگری دۆزەخ و سزاکانی نەو قورئان، دەستبەرداری خۆشویستەکانیان دەبن و خۆیان هەڵدەگرن بۆ خۆشیەکانی بەهەشتەکی خەیاڵاوی کە محەمەدی قورەیشی بۆ ئەقڵی خورافیاتی (١٤٣٧) ساڵی بەر لە ئێستای خۆی دروستی کردووە، کە دەنیام دوای مردنی هەموومان نە ئەوان (شاژن و لیدیا)، نە هیچ ژنێک و مرۆڤێکیش ئەو بەهەشتە خەیاڵییە نابینن!
فەرموون، بگەڕێی ئەو ئایەتانەی خوارەوە، کە لە قورئانی محەمەد وەرگیراون، مرۆڤکان موسڵمان و موخڵیر نین، مادام موسڵمانیش بن، کەواتە هەرچیەک بکەن هیچ تاوانێکیان ناکەوێتە ئەستۆ، خەیشم وەکو کەسێک لەوانەی کە موسڵمانم و هەموو شتەکان بەزەر بەسەرمدا سەپێنراوە، هیچ گوناهێکم نییە، سەرەڕای ئەوەی باجی گران و قورسی خەمم لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی و ئایینیم داوە:

بگەڕێی ئایەتی ژمارە (٩٦)ی سورەتی (یونس)، مرۆڤکان نێک هەر موخڵیر نین، بەڵکو لە موسڵمانیش خراپترن و بوونەتە گاڵتەجاڕی خوا و ئەو وەکو بەراز هەڵفتار و بەرخودیان لێگەڕێ دەکات.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ** ٩٦).
واتە: (کەسانێک کە خوادا غەزەبی لێگرتوون، باوەڕ ناهێنن).
دەبێ ئەوەچ خەوایەک بێ، کە بەمشێوەیەو هەر لەخۆا غەزەب لە خەڵکەکە بگرێ و کەوکوریان بکات لە ئاست دۆزینەوەی هێگڵی ڕاست و هەر خۆی گومڕایان بکات و سەریان لە بشێوێنێ، لەکاتێکا خوا بە بەزەیی، دڵفراوان، بەخشندە و لێبووردە ناوی دەرکردووە؟ بگەڕێی ئەم ئایەتە، ئەوە خوایە، پشکی لە قورئاندا باسی ئەوەی کردووە، کە کەسانێک باوەڕ ناهێنن، چونکە خوا غەزەبی لێگرتوون، کە منیش یەکێکم لەم غەزەب لێگرتووانە!

بگەڕێی ئایەتی ژمارە (٢٥)ی سورەتی (الأنعام)، بەمان دەردەکەوێ کە خوا چرای باوەڕی هەندێک کەسی پێ تێکردووە و بەهیچ شێوەیەک تروسکایەیەک باوەڕی لە بەدی ناکرێت و تەنانەت گوێچکەکانیشی کەڕ کردوون بۆ ئەوەی گوێیان لە بانگەوازی بەناو هەقی قورئانەکەی محەمەد نەبێ.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن**

يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۖ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ٢٥).
واتە: (ئەم پەردەمان بەسەر دڵیاندا کێشاوە تاوەکو تروسکایی باوەڕیان لە هەنێیت و گوێچکەکانی ئەوانمان کەڕ کردووە تا وشەی هەق نەبیستن).

بگوڕی ئایەتی ژمارە (٩٣)ی سورەتی (النحل)، مرۆڤەکان موسڵمانەرن، واتە وەکو مەگەل لەلایەن خواوە دەهاژورێن، نەک خۆیان ئاراستەی ژیان و باوەڕی خۆیان دیاری بکەن!
ئەم ئایەتە دەڵێ: **(وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ٩٣).**
واتە: (خۆ ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بە یەک نەتەوە، بەڵام هەرکەس خوا بیەوێت گومڕای دەکات و هەرکەس بیەوێ دەیخاتە سەر ڕاستەڕێ، بگومان لێتان دەپرسن کە ئەوە چیتان کردووە).
ئەو پرسیارە نالەزیکە چییە کە دەپرسێ: (ئەوە چیتان کردووە)؟ خوا کە منی موسڵمان کردبێ و مەخابنی نەکردبم، با هەر خۆیشی وەڵام بداتەوە، کە من چیم کردووە! ئەمە وەکو ئەوەیە، کە تۆ لەنێو ئەتەمبێلێک لەتەک شوفێرەکە دانیشتبیت و دەست، قاچ و چاوەکانت بەسترابێ و شوفێرەکە خەی هەڵدڕێنی، کەچی تۆ بە تاوانبار دابنرێیت!

بگوڕی ئایەتی ژمارە (١١٨)ی سورەتی (هود)، بەمان دەردەکەوێ کە خوا نەیویستووە هەموو مرۆڤەکان سەر بە یەک نەتەوە بن، باشە ئەگەر خوا لەتوانای دابایە هەموو مرۆڤەکان بکات بە یەک نەتەوە، هەر خۆیشی نەیدەتوانی بە تەبایی بیان گونجێنێ و بیکێشێ بژین؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: **(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ١١٨).**
واتە: (خۆ ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بە یەک نەتەوە، بەڵام بەردەوام هەر ناتەبا دەبوون).

بگوڕی ئایەتی ژمارە (١٢٥)ی سورەتی (الأنعام)، دیسان مرۆڤەکان موسڵمانەرن، واتە خوا مرۆڤەکانی وەکو ڕەشەوڵاغ داوەتە پێش خۆیی و هەڵچەمان لە دەکات! خوا کەی بوە سنگی دەکاتەوە و ڕێگای ڕاستی پیشان دەدات و کەی نەوە وازی لێدەهێنێ و گومڕای دەکات! کەواتە بە گلەیی لە من بکرێ، کە بگوڕی ئەو ئایەتە (گومڕا بووینە)؟ ئەی باشە خۆ

ئەو خوایە سنگی منی نەکردەتەوە بە ئیسلام و ویستوویەتی گومڕابم، کەواتە گلەیی لە خوا بکەن نەک لە خۆم! بە هەم دەبە گلەییم لێبکرێ و هەمیش سەبارەت بە خۆشترین خۆشیەکانی ژیان کە خۆشەویستی، سۆز و دڵخۆشیە، سزا بدرێم و لێیان ببڕێش بکرێم.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**فمن يرد الله أن يهديه يشرح صدره للاسلام، ومن يرد أن يضله يجعل صدره ضيقا حرجا كأنما يصعد في السماء كذلك يجعل الله الرجس على الذين لا يؤمنون** ١٢٥).
واتە: (هەرکەسێ خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ئامادە دەکات بۆ ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەک ئەوەی بڕەو ئاسمان بڕۆز بێتەوە، ئا بەو شێوەیە خوا گومڕایی و پیسی هاوەڵگری لەسەر دڵی ئەوانە دادەنێت کە باوەڕ ناهێنن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١٣)ی سورەتی (السجدة)، مرۆڤەکان نەک هەر موخەیەر نین، بەڵکو لە موسەیەریش خراپترن و گاڵتەجاڕی خوان، ئەو بە سەیرانی خۆی وەکو مەیمون مامۆیان لەگەڵ دەکات و هەر دەبە دڕۆخ بە مرۆڤەکان پێ بکاتەوە.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (**وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ** ١٣).
واتە: (بەگومان ئەگەر بمانوویستایە هەموو کەسەکمان هیدایەت دەکرد، بەڵام بەیاری من ئەوەیە دڕۆخ هەر بە جنۆکە و مرۆڤی تێکەڵ پێ دەکەم).
دەبێ ئەوە چ خوایەک بێ، کە پێشتر بیاری خۆی دابێ سەبارەت بەوەی کە هەر دەبە دڕۆخ بە مرۆڤەکان پێ بکاتەوە؟ کەواتە خوا بەگوێرەی کردەوەی مرۆڤەکانیش پاداشتی مرۆڤەکان ناداتەوە و هەر بە ئارەزووی خۆی و بە خۆشی خۆی ڕەوانەی دڕۆخیان دەکات!

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٧)ی سورەتی (الرعد)، تەواوی مرۆڤەکان موسەیەرن و هیچ شتێکی بە بایەخیش تەنانەت ئەگەر بەقەد دەرزییەکیش بە بە ئارەزووی خۆیان نییە! هەمووی خوایە بیار لەسەر چاکەو خراپەی مرۆڤەکان دادات، هەرکەسێکی بوە بڕەو چاکەی دەبات و هەرکەسێکی نەوە سەری لەدەشوێنە و وای لەدەکات خراپە بکات! کەواتە چاکە و خراپە بەدەست مرۆڤەکان نییە و خوا بەهەی مرۆڤەکانەوە ئەنجامیان دادات! خە ئەگەر ئەو بەئارەزووی خۆی منی گومڕا کردبە، دەبە چ دەسەاتێکی خوام هەبە و بە لەسەر گومڕابوونم کە گوایە خوا گومڕای کردووم، لەسەر زەوی بەدەستی ئەو کەسانەی کە

زۆر خەشم ویستوون و بە بەشێک لە خەمم زانیون سزا بدرێم و لە ڕۆژی زیندووبوونەوەش دوای مردنم ئەمجارەیان بەدەستی خواکەیان سزا بدرێمەوە فڕە بدرێمە نێو گڕمترین و درژترین ئاگری دۆزەخ؟ بە دەبێ بە یەک هۆیان تاوان دووجار سزا بدرێم، سزای یەکەمم مەدەن و با دوای مردنم سزا بدرێم، کە بەدنیایی بڕگەی ئێو سزایێ دیگرم، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بڕگەی سزای (شاژن) ناگرم، کە ئاگرەکی سەختترە لە ئاگری دۆزەخ و بتەواوی سووتاندوومی؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۚ قُلْ إِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ٢٧).
واتە: (ئەوانەی بەباوەڕن، دەبڕژن، بۆچی بەڵگەیەکی لە خواوە بۆ نەهاتووە، بۆ خوا هەرکەسێکی خۆی ئارەزوو بکا گومڕای دەکاو هەرکەسێکیش بۆخۆی بگەڕێنێتەوە ڕاستەڕێی دەکا).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٣٩)ی سورەتی (الرعد)، خوا بەئارەزووی خۆی هەندێک شتی کەسانێک لە (لەوحی مەحفوز) دەسڕێتەوە، یان بۆی دەنووسێ و زیادی دەکات! باشە ئەی کوا دادپەروەری، بڕیاری، بۆیژدانی، دانایی و ژیری خوا، کە ئێو بە ئارەزووی خۆی شت بسڕێتەوەو شتی دیکەی لە جێگە بنووسێ؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ٣٩).
واتە: (خوا بە ویستی خۆی شت دەکوژێنێتەوە و لە جێی دادێنێ و دایکی هەموو کتێبانیش لای ئەوە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٧٩)ی سورەتی (النساء)، مرۆڤکان نەک تەنیا موسڵمان، بەڵکو هەر چاکەیەک بکەن ئەوە خێیان نین کە چاکەکان دەکەن، بەڵکو ئەوە خوایە چاکەکان دەکات، بەڵام مرۆڤکان هەر خراپەیەک بکەن ئەوە خێیانن ئەنجامی دەدەن و خواش لە چاکەکردن گرێنتی داوەتە خۆی کە چاکەکانی مرۆڤ هی ئەون و گرێنتیشی بە خراپەکردن داوەتە مرۆڤکان کە خێیانن هەر خراپەیەک بکەن! ئەوە ڕەخنەیەکە وەکو ئەو عەرەبەی کە لەگەڵ کوردێک دەچنە ناو و ئاسکێک و کەروێشکێک دەگرن و لەکاتی دابەشکردندا عارەبەکە بە کوردەکە دەڵێ: (چ دەڵێی ئاسکەکە بە من و کەروێشکەکە بە تۆ، یان کەوێشکەکە بە تۆ و ئاسکەکە بە من)؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ۖ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۖ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولاً ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ

شَهِيدًا ٧٩).
واتە: (تووشی هەرچی چاکەیەک ببی لە خواوەیە، تووشی هەرچی خراپەیەکیش ببی لە خۆتەوەیە، تەمان ناردووە بۆ سەر خەڵکی بە پێغەمبەرایەتی، ئەوەندەش بەسە کە خوا ئاگادارتە).

بڕگەی ئایەتەکانی ژمارە (٦-٧)ی سورەتی (البقرة)، خوا بە محەمەدی بەناو پێغەمبەری خۆی دەڵێ: (ئەوانەی بڕیاوەتن ئاگاداریان بکەیتەوە یان نا هەر وەکو یەکە و باوەڕ ناهێنن)، ئەگەر ئەو پشتر مڕی خۆی بەسەر دڵ و گوێچکەیاندا نابێ و پەردەی بەسەر چاوەکانیاندا هەنابێ، چۆن باوەڕ دەهێنن؟ ئەی کێواتە محەمەدی بڕیی ناردووە کە نەتوانێ باوەڕ بە بڕیارەکان بهێنێ؟
لەبڕدا ئایەتی ژمارە (٦)، دەڵێ پێچەوانەی ئەم ئایەتانەی سەرەوەیە کە لە هەمووياندا باسی ئەوە دەکرێ کە خوا خۆی بڕیاردەرە و شتەکانی بڕیار بەسەردا سەپاندوون و بڕیارەووی خۆی کەسانێکی گومڕا کردووەو کەسانێکی تریش ڕێگای ڕاستی پیشان داون، کەچی لەم ئایەتەدا خوا باسی ئەوە دەکات کە هەوڵدان لەگەڵ بڕیاوەتان کارێکی بەسوودە و ئەوان هەرگیز باوەڕ ناهێنن! بەڵاستی لەم کارەی خوا دانا، بڕتوانا، زانا، بڕدەسەڵات، دادپەروەر، بڕزەیی و بەسۆز تێناگەم؟ ئەی خوا بڕگەی ئەم هەموو ئایەتە ناڕەت: (ئەگەر بمویستایە واو وام دەکرد)، ئەی بێ نایەوەت کارێکی وابکات کە نە مرۆڤەکان تووشی ئەم هەموو هەڵە، سەر لێشێوان و تاوانە بکات و نە خۆیشی تووشی دڕدەسەری لەکەینەوەو سزادان بکات لەگەڵ مرۆڤەکان؟
ئەم دوو ئایەتە دەڵێن: (**إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ ٦، خَتَمَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٧**).
واتە: (بەڵاستی ئەوانەی کە بڕیاوەتە بوون ئاگاداریان بکەیت یان نەکەیت وەکو یەکە بۆیان، باوەڕ ناهێنن. خوا مڕی ناوە بەسەر دڵ و گوێیانداو پەردەی بەسەر چاویاندا هەناوە، هەر بۆیە سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە).

بڕگەی ئایەتی ژمارە (٢٢)ی سورەتی (الحديد)، مرۆڤەکان نەک بەتەنیا موسڵمانەکو هەر تاوانێک بەدەستی مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێ، هیچ تاوانێکی ئەوانی تێدا نییە، چونکە خودا پێشتر لای خۆی لە لەوحی مەحفوز هەمووی دیاری کردووە کە چی دەکەن و چی ناکەن! بڕگەی ئەم ئایەتە، خودا دڕهەنڕێکی بۆیژدان و مرۆڤەکانیش

ئەکتەرن و بەگوڕەی ئەو دەقەی کە خوا بەی دیاری کردوون نمایشی خەیان لەسەر شانۆ (زەوی) پیشان دەدەن!
ئەم ئایەتە دەڵێت: (مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ٢٢).
واتە: (هەر بەڵایەک ڕووداو لە زەویدا یان بەسر خۆتان دێ، کە لە لەوحی مەحفوز تۆمارمان نەکردبێت پێش ئەوەی ڕووداوەکە بەسەرتان دا بێت، ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە).

بەگوڕەی ئایەتی ژمارە (٣٩)ی سورەتی (الأنعام)، مرۆڤەکان موسڵمانن و هیچ دەسەاتێکیان بۆ بەیاردان لەسەر هەڵبژاردنو چارەنووسی خەیاندا نییە، چونکە تەنیا خوایە هەرکەسێکی بوێ ئاستەنگی دەکات و دواتر ڕەوانەی بەهەشتەکەی محەمەد و خەی دەکات، هەرکەسێکیشی نەوێ گومڕای دەکات و فڕێی دەداتە نەو ئاگرێ هەمیشەییەکەی دۆزەخ!
ئەم ئایەتە دەڵێت: (وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ ۗ مَن يَشَإِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٣٩).
واتە: (ئەوانەی کە ئایەتەکانی ئەمەیان بە درۆزانی، کڕوو ماڵن و لەناو تاریکیدان، بەگومان ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەکات و ئەوەش کە بیەوێت دەیخاتە سەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوان).

بەگوڕەی ئایەتی ژمارە (٥٦)ی سورەتی (القصص)، مرۆڤەکان موسڵمانن و هیچ دەسەاتێکیان بۆ بەیاردان لەسەر هەڵبژاردنو چارەنووسی خەیاندا نییە، نەک ئەوان محەمەد-یش ناتوانێ ڕێگای ڕاست پیشانی هیچ کەسێک بدات کە خۆشی دەوێ، بەڵکو هەموو دەسەاتێک بەدەست خودا خەیەتی! کەواتە ناردنی محەمەد وەکو پەیامبەرێکی خوا بەسوودە و ناردن و نەناردنی وەکو یەکە!
ئەم ئایەتە دەڵێت: (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ٥٦).
واتە: (تۆ ناتوانیت ئیمان و باوەڕ بەخشیت بەو کەسەی خۆشدەوێت، بەڵکو خوا هەرکەسێکی بوێت دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست و ئیمانی پێدەبەخشێت، خوایش ئاگادارە بەوانەی کە ڕێبازی).

بەگوڕەی ئایەتی ژمارە (٢٧٢)ی سورەتی (البقرة)، هەم دیسان مرۆڤەکان موسڵمانن و هیچ دەسەاتێک لەدەست خەیاندا نییە بۆ بەیاردان لەسەر هەڵبژاردنو چارەنووسیانداا! خودا لێرەدا دووبارە محەمەد ئاگادار دەکاتەوە کە سەبارەت بە ڕاستەنگ کردنی مرۆڤەکان

هەموو دەستاتێک لای خۆیەتی و محەمەد بۆی نییە دەست تێکەڵ بکات لە کارەکانی ئەودا.
ئەم ئایەتە دەڵێت: (لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّهِ ۚ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ٢٧٢).
واتە: (هیدایەتکردنی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نییە، بەڵام خوا هیدایەتی ئەو کەسە دەدات کە دەیەوێ، هەر خێرێکیش بکەن، ئەوە قازانجکەی بۆ خۆتانە، ئەوە هیچ شتێک نابەخشن مەگەر بە داوای ڕەزامەندی خوا نەبێت و هەر خێرێکیش بکەن پاداشتەکەیتان دەست دەکەوێتەوە، ئەوسا ئەوە هەرگیز ستەمتان لێناکرێت).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٩٩-١٠٠)ی سورەتی (یونس)، مرۆڤەکان موسڵمانەن و هەموو کارێک بەدەستی خوا خۆیەتی و تەنانەت محەمەد ناتوانێ باوەڕ بەهیچ کەسێک بهێنێ، ئەگەر خوا خۆی داوای ڕەزامەندی لەسەر نەبێ! ئەی باشە محەمەدی بۆ نارد، ئەوە ئەگەر ئەو ناردبێتی؟
ئەم ئایەتە دەڵێت: (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ٩٩، وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ١٠٠).
واتە: (ئەگەر خودای تۆ بیویستایە، هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕیان دەهێنا، ئایە تۆ دەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەی بە ئەوەی بڕوادار بن؟ هیچ کەسێک بۆی نییە داوای ڕەزامەندی خوا بکا ناهێنێت، خوا پیسی بە ئەو کەسانە بیارداوە کە ژیر نابن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٨)ی سورەتی (فاطر)، مرۆڤەکان موسڵمانن و دیسان خودا ئاگاداری محەمەد دەکاتەوە کە ئەو دەست نەخاتە نەو کاروبارەی ئەوەوە، چونکە ئەو هەر خێرێتی خاوەنی دەستەڵات و بڕیارەکان!
ئەم ئایەتە دەڵێت: (أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۖ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ٨).
واتە: (ئایە ئەو کەسەی کە کردەوە ناشرینەکانی بۆ ڕازێنراوەتەوە و بە چاک دەیبینێت؟ بەڵاستی خوا بیەوێت هەرکەس گومڕا بکات دەیکات،

هەرکەسێکیش هیدایەت بدات دەیدات، نەکا تۆ بە خەمی ئەوانەوە تیادا بچی، خوا دەزانێ ئەوان چ کارێک دەکەن).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٣)ی سورەتی (الزمر)، مرۆڤەکان موسڵمانن و تەنیا خودایە هەندێک لە مرۆڤەکان هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ڕاستەڕێیان پیشان بدات و دواتر بە بەهەشت، ئەوانەی دیکەش گومڕا دەکات و دواتریش ئەوانەی دەزرخیان دەکات! خەم کەسەکم لەوانەی کە ئەو گومڕای کردووم و دواتریش بە ئاگری دەزرخ. کەواتە ئەوە بیاری خوداکەتانە بە دەبە گلێیی لە من بکرێ لەسەر ئەوەی کە بیاوەڕم؟ ئەی کە خوا پشکی سزای بیاوەڕی بە دیاری کردووم کە سووتانە لە ئاگری دەزرخ، باشە (شاژن) بە تەش بە جاری دووەم بە ئاگری خشۆیستی خەت بشۆیەکی بۆیژدان و بیبزێیانە دەمسووتێنی، کە سووتانم بە ئاگری ئەوینت لە سووتانم بە ئاگری دەزرخی خوا بە سەختتر، قورستر، بەئازار و بەژانتر دەزانم، لەکاتێکا کە هەموو ئاواتەکم ئەوپەڕی شادی، دەخشی، خشگوزاران کردن و حسانەوەی تێیە.
ئەم ئایەتە دەڵێ: (اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ٢٣).
واتە: (خوا باشترین فەرمایشتی ناردەتە خوارەوە، پەرتووکە کە بابەتەکانی لەیەک دەچن، هەندێک باسیشی بشۆوازی جیاواز تیادا دووبارە بۆتەوە، کە تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەوکەسانەدا کە ترسی خوایان لە دڵدایە، پاشان پێست و دڵیان بە یادی خوا نەرم دەبێت، ئا ئەوە هیدایەتی خوایە، کە هەرکەسی پێخشبێ، بەرەو هیدایەتی دەبا، هەر کەسیش کە خوا گومڕای بکا، کەسی دیکە هیدایەتی ناکات).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٨٨)ی سورەتی (الأنعام)، مرۆڤەکان موسڵمانن و هیچ شتێک لەدەستی خیاندا نییە و هەر خوایە مرۆڤەکانی کردەتە دوو بەرەی دژ بەیەک و بشکیان کە خۆی ویستی لەسەرە ڕاستەڕێی کردوون و بەهەشتیان پێ دەبەخشێ و بشکەی تریش گومڕای کردوون و لە ئاگری دەزرخ دەیانسووتێنێ! ئە من چارم چییە و چی بکەم، کە خوداکەتان مەیلی لەسەر نەبە و بەبە ئارەزووی خەم منی خستبێتە بشی دووەم و سەری لە شواندبم و دواتریش بە تەپانی بنی دەزرخ و ئاگرە لەش پۆکێنەکە فەم بدات؟

ئەم ئایەتە دەڵێت: (ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ٨٨).
واتە: (ئەو هیدایەت کردنە لەلای خوایە، کە هیدایەتی هەرکەسێ لە بەندەکانی خۆی پێ دەدات کە مەیلی لێ بێ، خۆ ئەگەر هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکەن، کردەوەکانیان هەمووی بەفیڕۆ دەچێ).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (١٧٨)ی سورەتی (الأعراف)، مرۆڤەکان موسڵمانن و تەنیا خوایە هەموو شتێکی بە بیارێکی تاکەوانەی خۆی داوەو دەبێ ئەو دەزگۆخەی کە خۆی دروستی کردووە پێی بکاتەوە بە مرۆڤەکان و لەوە مرۆڤی سووتاو، سورەوکراو، لە شیش دراو و برژاو ببینرێ! دیارە خودا خۆی زۆر ماندوو بووە بە دروستکردنی دەزگۆخ، خۆ ناکرێ دوای ئەم هەموو ماندووبوونەش بێکاری نەهێنێ و کەسی فڕێ نەداتە ناو؟
ئەم ئایەتە دەڵێت: (مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ١٧٨).
واتە: (ئەوەی خوا هیدایەتی بدات ئەوە ڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەر، هەر کەسێکیش گومڕا بکات، ئەوە هەر ئەوانن کە زیان پێگەیشتوون).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٤)ی سورەتی (إبراهيم)، سەرجەم مرۆڤەکان موسڵمانن، لە هەمان کاتیشدا خودا بەگوێرەی قورئان باسی ئەوە دەکات کە بە هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێکی بە زمانی خۆیان ناردووە! بەڵام بەگوێرەی ئەو ئایەتە و سورەتە بێت، محەمەد کە عەرەبە و بە ئەوە نەردراوە تا ئایینی ئیسلام بڵاوبکاتەوە لەنێو عەرەبدا، کەواتە ئیسلام و محەمەد هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە!
ئەم ئایەتە دەڵێت: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۖ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ٤).
واتە: (هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد مەگەر بە زمانی گەلەکەی خۆی، تا هەموو شتێکیان بە ڕوون بکاتەوە، خوا هەرکەسێکی ویستبێ گومڕای دەکا و کەشی بوە هیدایەت (ڕاستەڕێی) دەکاو هەر خۆی خاوەن دەسەڵات و دانایە).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٩)ی سورەتی (النحل)، سەرتا مرۆڤەکان موسڵمانن و موخڵیار نین، دواتریش خوا بە هیچ شێوەیەک نییویستووە هیدایەتی مرۆڤەکان بدات، یان ڕێگەی ڕاستیان پیشان بدات، بەڵکو هەر بە خۆشی خۆی وای کردووە کەسانێکی زۆر گومڕاو سەر لە شێواو بن

و دواتریش ئاگری دۆزەخ بۆ جێستەی ئەو کەسانە گەشترو گەرمتر بکات.
ئەم ئایەتە دەڵێت: (وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ ۚ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ ٩).
واتە: (خوا هەر ئەوەندەی لە سەرە ڕێگەی ڕاستتان نیشان بدات. ڕێگای چەوتیش هەیە، ئەگەر خوا بیویستبا، هەر هەمووتانی هیدایەت دەدا بەگشتیی).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٤٦)ی سورەتی (النور)، مرۆڤەکان موسڵمانن و هەرگیز موخەیەر نین، خوا چۆنی بوێت ئاوا بەشەوەی کەر و ڕەشەوڕاغ لەمان دەخوڵێ! ئەوە جارێک و دووان و دەیان نییە، کە لە قورئاندا نووسراوە، کە خوا ویستی لەسەر هەرکەسێ بۆ هیدایەتی دەدات و ڕاستەڕێی دەکات و ویستی لەسەر هەرکەسێکیش نابێ گومڕاو سەر لە شەواوی دەکات و فیلمی دەسووتێنێ! کەواتە بۆ گلەیی لە مرۆڤەکان دەکەن کە باوەڕ بە خودا ناهێنن، بۆ گلەیی لە خودا ناکەن کە بۆ بەمشەوەیە سەری لە مرۆڤی وەکو من تێکداوەو ڕێگەی لە گەڕەوە؟
ئەم ئایەتە دەڵێت: (لَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ ۚ وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٤٦).
واتە: (چەندان بەڵگەی ڕوونمان دابەزاند، خوا ئەو کەسە ڕاستەڕێ دەکات کە ویستی لە سەرە بۆ ڕێبازی ڕاست).

بەگوێرەی ئایەتی ژمارە (٢٨٤)ی سورەتی (البقرة)، بەمان دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان نەک تەنیا موسڵمانن بەڵکو هەر هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و هەموو شتێک لەلایەن خواوە بەسەریاندا سەپێندراوەو ئەوان تەنیا بەیارەکانی خوا جێبەجێ دەکەن، ئەوەی خوا فەرمانی پێدابێ چاکە بکات، چاکە دەکات و ئەوەش کە فەرمانی پێدابێ خراپە بکات، یان باوەڕی بە قورئان و خوا نابێ ئەوە بگوترێ فەرمانکەی خوا ڕەفتاری کردووە! مادام خەیشم دابێ یەکێک بم لەوانەی کە بە فەرمانی خوا باوەڕم بە خەیی و ئیسلام نەهێناوە، کەواتە دابوایە (شاژن) و کەسانی دیکەش گلەییان لە خوا بکردایە، کە بۆ منی بەمشەوەیە دروست و سەرگەردان کردووە!
ئەم ئایەتە دەڵێت: (لِّلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِن تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ٢٨٤).
واتە: (هەرچی لە ئاسمان و لە زەویدا هەیە خوا خاوەنیانە، ئەگەر ئەوەی لە دڵ و دەروونتاندا جێگیر بووە، دەری بخەن، یان بیشارنەوە

خوا دەربارەی لەتان دەپرسەتەوە، ئەوسا لە هەرکەس بیەوێت خۆش دەبێت و هەرکەس بیەوێت سزای دەدات و خوایش دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتەکدا هەیە).

بگەڕێ بۆ ئایەتی ژمارە (١١)ی سورەتی (التغابن)، دەردەکەوێ مرۆڤەکان موسیبەتن و هەر شتەک کە تووشیان دێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیانە و ئەوە خوایە کە تووشی ئەو هەموو بەڵا، گرفت و کێشانیان دەکات! هەر بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم، ئەو بەڵایانەی کە بەسەر هەرکەسێک یان مرۆڤەکان دادێت، ئەوە بە فەرمانی خوایە و کەس تێیدا بەرپرسیار نییە جگە لە خوا خۆی! ئەوەی کەسێک دەکوژێ، ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر کێژێکی شەش حەوت ساڵان و دەیکوژێ، ئەوەی دزی دەکات، ئەوەی چەند کەسێک یان بنەماڵەیەک بشڵەژێنێ، ئەوەی قوتی خەڵک داگیر دەکات، دەبێ هەموویان بەتاوان بن مادام خوا پێیکردووە! باشە ئەی بۆ هەرکاتێ کەسانێک بگەڕێ ئەو تاوانانەی کە لە سەرەوەدا باسم کردووە، دەگیرێن، دەخرێن (شێتان پێی کردووم)، باشە بۆ ناخرێن (خوا پێی کردووم)، مادام هەموو بەڵایەک بە فەرمانی خوا بەسەر مرۆڤەکان دادێ؟ هیوادارم هیچ کەسێک پاساوی ئەوە نەهێنێتەوە کە هەر بەڵایەک هەکارێکی هەیە و مرۆڤەکان خۆیان هەکارن، چونکە بەدنیایی و بگەڕێی ئەم ئایەتەو چەندان ئایەتی دیکەش خوا بەڵاکانی ناردووە بە مرۆڤەکان و هەر خۆیشی هەکارەکانیان بە دروست دەکات.

ئەم ئایەتە دەڵێ: **(مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ۚ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ١١)**.
واتە: (کەس هیچ بەڵایەکی بەسەر نایە، مەگەر خوا فەرمان بدا، ئەوەی باوەڕی بە خوا هەبێ، خوا دڵی ڕاستەقینەی دەکات و خواش بە هەموو شتەک دەزانێ).

بگەڕێ بۆ ئایەتی ژمارە (٥١)ی سورەتی (التوبة)، بەمان ڕوون دەبێتەوە کە گشت بەڵایەک لەلایەن خواوە بە مرۆڤەکان دەنێردرێت و مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بەڵاکان لەخۆی دوورببخاتەوە. خوا بە مرۆڤەکان دەڵێ: (سەرەڕای ئەوەی کە هەموو بەڵایەک خەم بەتانی دەنێرم و هەکارەکەشی هەر خەمم، کەچی دێ سوپاس گوزاریش بن، کە ئەو هەموو بەڵایەتان بەسەر دێنم!
ئەم ئایەتە دەڵێ: **(قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلاَنَا ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ٥١)**.

واتە: (بڵێ: ئەوەی خوا بەی نەنووسیوین توشمان نایەت، هەر ئەو سەرومانە و پەویستە بەوادارانە هەر پشت بە خوا ببەستن).

بگوترەی ئایەتی ژمارە (٣٨)ی سورەتی (المدثر)، مرۆڤەکان موخەیەر نەبووینە و موسەیەرن، بەیە هیچ شتێک بەخواستی خەیان ناکەن و بەپێچەوانەوە پێیان دەکرێت، پێکردنەکەش لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی خەیانە، چونکە خوایە شتە خراپەکان و تاوانکانیان پێدەکات!
خوا، باسی دەستکەوت دەکات، دەستکەوتی چی؟ ئەو کە تووشی سەدان بەڵاو کێشەم بکات، خەی بەیار لەسەر ژیان و چارەنووسم بدات، دەستکەوت کەی لەدەستی خەم دایە؟ تە خەت کەت بوە گومەای بکەیت و کەی دیکەشت بوە ئاستەەی بکەی، کە من لە گومەاکان بم، بە دەبە سزام بدەی؟ ئەی خەت گومەات نەکردووم بەبە ئارەزووی خەم؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ٣٨).
واتە: (دەستکەوتی هەموو شتێک لە دەستی خەت دایە).

بگوترەی ئایەتی ژمارە (٣)ی سورەتی (المائدة)، کە یەکێکە لەدوا ئایەتەکانی سورەتی مائیدە و قورئان و لەرەدا گوایە قورئان تەواو بووە! باشە ئەگەر ئەمە دوا ئایەتی نەردراوی خوا بە کە لەم سورەتەدا هاتووە، بە دەبە پشت بە فەرموودە (أحاديث)ی محەمەدی بەناو پێغەمبەری خودا ببەسترە بە تەواوکردنی شریعەی خودا؟ ئەی ئەوە نیە خودا لەم ئایەدا باسی ئەوە دەکات، کە ئایینی ئیسلامی بەتەواوی تەواو کردووە و کەتایی بە ناردنە خوارەوەی ئایەت و سورەتەکانی قورئان هێناوە؟ ئاخر پشتبەستن بە فەرموودەکانی محەمەد و کارکردن پێیان، مانای ئەوە دەگەیەنە کە قورئان ناتەواوە، ئەگینا بە پێنا بە وتەکانی محەمەد دەبردرێ؟
ئەم ئایەتە دەڵێ: **(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ٣)**.
واتە: (ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بۆکەتایی گەیاندو نازو نیعمەتیی خەمم بە تەواوکردن و قایلم بۆەی کە ئیسلام ببێتە ئایینتان).

بگوترەی ئایەتی ژمارە (٢٤)ی سورەتی (النساء)، ئەگەر بە هاوسەرگیری سیغە (المتعة) دراوە و لە سەردەمی محەمەدی بەناو پێغەمبەر و ئەبوبەکری سدیق پیادە کراوە و ئەگەی پێدراوە، بەڵام دواتر عومەری کوڕی خەتاب بە بیاری تاکەوانەی خەی قەدەغەی کردووە! باشە بە تا محەمەد لە ژیاندا مابوو قەدەغەی نەدەکرد؟

باشە بە بڕیارێکی موسڵمانەکان کە شیعەن تا ئێستاکەش باوەڕیان بەم هاوسەرگیرییە هەیە؟ باشە بە حزبە ئیسلامییە تیرۆریستە سوننەکانی وەکو (القاعدة، داعش، جند الإسلام، بۆکۆ حرام، جماعة النقشبندیین و چەندانی دیکە) تا ئێستاکە باوەڕیان بە هاوسەرگیری موتعە (زواج المتعة) هەیە و ناوەکیان گۆیوە بە جیهادی نیکاح؟ باشە بە ئەم ئایەتە لە قورئان لانەدراوە و وەکو خێی ماوەتەوە؟ هەر سورەت و ئایەتێک لە قورئاندا مابێتەوە، بەدنیایی و بگرە بڕژەوەندییە هەنوکەییەکان کاری پێدەکرێ! لە ئێستادا بڕۆک باوەڕی پێی هەیە و پیادەی دەکات، هەرکاتێکیش دەسەڵات بگرنە دەست ئەوکاتە تەواوی موسڵمانەکان کاری پێدەکەن! بەگوێرەی ئایەتی (٢٤)ی سورەتی (النساء)، هاوسەرگیری چژۆرگرتن (زواج المتعة)، بە ماوەی دیاریکراو، هەفتەیەک، مانگێک یان چەند ساڵێک دەگەڵ پەدراوەو تەنانەت پیاو بێی هەیە و دەتوانێ ئەو کرێیەی کە لەگەڵ ژنە سیغەکراوەکە لەسەری ڕێک کەوتوون، دواتر لێی پەشیمان بێتەوەو کەمتری بداتێ، چونکە ئەوە هەر خوا خۆیەتی لەم قورئانەی گوایە بە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای ناردووە، دەڵێ: (هیچ گوناهیش نییە لەسەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو کرێیەی بە هاوسەرگیری چژۆرگرتن (زواج متعة) لە ژنان، لەگەڵ هەر ژنێک لەسەری ڕێککەوتبوون لەدوای دیاریکردنی)!

لەگەڵ (شاژن)دا زەر گفتوگۆمان لەسەر ئەم ئایەتە دەکرد، کە ئەو هەردەم دژی بوو، ڕەگەی ئەوەشی نەدەدا بچوونی خەمی بە ووون بکەموە. خەم کە باوەڕم بە قورئان و هیچ ئایینێکی دیکە نییە، ئەگەر باوەڕم بە قورئان هەبوایە، باوەڕی تەواوم بە سەرجەم ئایەت و سورەتەکان دەبوو و دەبوومە داعش، چونکە داعش بە ئیسلامی تەواو دەزانم، کە ڕێک سەرجەم ئایەت و سورەتەکانی قورئان بەبە هاوەرکردن و جیاکردنەوە پیادە دەکەن!

ئەم ئایەتە دەڵێ: **(وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۖ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ۚ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ٢٤).**

واتە: (حەرامە لەتان ئەو ژنانەی کە مەردیان هەیە جگە لە کەنیزەکتان، کە خوا بیاری داوە لە سەرتان، جگە لەوانەی کە باسکران، حەڵاڵە بۆتان بەهەی ماڵ و دارایتانەوە هاوسەر بگرن تا پاکداوێن بن و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ژنێکدا چژتان لە بینین (فما إستمتعتم بە) ئەوە فەرزە کە

کرێکیان بدەنێ و هیچ گوناهیش نییە لەسەرتان لە کەمکردنەوەی ئەو کرێیەی لەسەری هەیە وتبوون لەدوای دیاریکردنی، بەڵام ئەستی خوا هەمیشە زاناو دانایە).

دەرسیم
یەکشەممە (٢٠١٦/١٠/١٦)
دانمارک